# دەستبەجێ زیندانیانی سیاسی پێویستە ئازاد بکرێن‌و
# ئاوو کارەباو سوتەمەنی دابین بکرێت بۆ خەلکی کوردستان!

تا ئێستا دەیان کەس  لە زیندانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەگۆمەشینەوە تا ئاسایش  هەر لە زیندانداا ماون‌و 6 کەسە لەوانە بەنێوەکانی" عەلی حەمە صالح، مامۆستا عەتا، گۆران عەلی، سۆران صالح، زانا عەزیز، تایەر تۆفیق"  مانیان گرتوە لەخواردن‌و باری تەندروستیان لە خراپوندایەو یەکێکیان لێگواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە.

خواستی سەرەکی زیندانیە سیاسیەکان، خواستی خۆپیشاندەرانی نێو زیندان ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتنە، ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی‌یە. زیندانیە سیاسیەکان لە دەرەوە لەسەرشەقامەکان داوای کارەباو ئاوو سوتەمەنی دەکەن‌و بەشێوەیەکی پراتیکی لە فراوانترین ئاستدا خواستی ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتنیان پیادەکردوە. لەنیو زیندان لاوانی نارازی‌و پێشکەوتنخواز لە کوردستان سورن لەسەر خواستی ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن. ئەمە  سەرەتای قوناغێکی نوێی بزوتنەوەی  ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، گرتن‌و زیندانیکردن لەسەر موخالیف بونی سیاسی‌و خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و رەئی‌جیاوازو رەخنەو... بەتوندی ئیدانە دەکات‌و هەردەم لە هەوڵ‌و تێکۆشاندایە بۆ پاراستنی داوکاری‌و بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردستان. ئیمە بەتەواوی زیندانیە سیاسیەکان کە لە دووهەفتەی ڕابوردودا زیندانیکراون، ڕادەگەیەنین کە ئەوان بەتەنها نین‌و حزبی خۆیان لەپشتەو بەهەموو تواناوە لەدەرەوەو ناوەوە لەهەوڵی ئازادکردنیانداین.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/18